رێوتی هەڵوەست: پشتیوانی هەمو هەنگاوەکی مەدەنی دەکەین لە پێناوی مافەڕەواکانی موچەخۆراندا

رێوتی هەڵوەست، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، ڕێوتەکەیان لە یەکەم ڕۆژەوە پشتیوانی خەباتی مەدەنی مامۆستایان و فەرمانبەران بوە و ئێستاش پشتیوانی هەمو هەنگاوەکی مەدەنی دەکەین لە پێناوی مافەڕەواکانی موچەخۆراندا".

لە ڕاگەیەندراوی ڕێوتەکەدا هاتوە، "پێویستە دەسەڵاتداران و هێزە ئەمنیەکانی هەولێر هیچ ڕێگریەک لە موچەخۆران و فەرمانبەران نەکەن لە بازگەکان. هەروەها پێویستە دەسەڵاتداران لەبری ڕێگریکردن، گوێ لە خواستە ڕەواکانی موچەخۆران بگرن".